**"سەرنج : ئەم بابەتە پێش کۆچی دوایی نەمر کاك حەسەن سەلاح (سۆران) نووسراوە و هیوادارم دوای مەرگی ناوادەی کاك حەسەن، کەس و کاری د. گەلاوێژ بە هاوکاریی ماڵپەڕی رۆژهەڵات-بۆکان درێژە بە بڵاوکردنەوەی شوێنەوارەکانی بدەن".**

## شیعرەکانی عەلی گەلاوێژ

وا ماوەیەکە، رێزدار حەسەن سەلاح (سۆران) شیعرە کوردییەکانی نەمر عەلی گەلاوێژ – برا گەورەی خۆی لە ماڵپەڕی "رۆژهەڵات – بۆکان" دا بڵاو دەکاتەوە. ئەوە کارێکی بەنرخ و بەجێیە لەبەر ئەوەی لە رابردوودا ئێمە بەگشتی تەنیا شیعری "ذوحەیاتەین" مان لە مامۆستا گەلاوێژ خوێندبۆوە و واهەیە جگە لە خەڵکانی نزیکی خۆی کەمتر کەس زانیبێتی کە گەلاوێژ لە دوورەوڵاتی و لە باروذۆخی ئەودەمی سۆڤیەتیشدا شوێنی رووداوەکانی کوردستانی گرتووە و تاو و تۆی کردوون و شیعری بۆ گوتوون، بۆ نموونە بە بۆنەی واژۆکرانی پێک هاتی 11ی مارس 1970 لە نێوان شۆڕشی کورد و حکوومەتی عیراقدا، شیعری "سڵاوی دوور" ی گوتووە.

من نازانم ژمارەی ئەو شیعرانە چەندن، بەڵام هیوادارم مامۆستا سۆران هەموویان لە ماڵپەڕەکەدا بڵاو کاتەوە و درەنگتر – ئەگەر بکرێت، وەک کتێبیش لە چاپیان بدات.
ژیانی عەلی گەلاوێژ بەشێکە لە مێژووی سیاسی بۆکان و خۆیشی وەک کەسایەتییەکی ناسراوی سیاسی ناوچەکە، شیاوی ئەوەیە لەو مێژووەدا کە دواتر لەمەڕ بۆکان و ناوچەکەی دەنووسرێت، شوێنی تایبەتی بۆ تەرخان بکرێت.

نمونەی شێعرەکان لەسەر ماڵپەڕەکە و لە ژێر ناوی **هۆنراوەکانی دوکتور عەلی گەلاوێژ (ئاگری)** دا بەرەبەرە بڵاو دەکرێنەوە.

من لە بەشی 125ی ئەم زنجیرە وتارەشدا باسی دوکتۆر عەلی گەلاوێژم کردووە.